حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار
نووسینگەی وەزیر

حكومة اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلديات والسياحة
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government – Iraq
Ministry of Municipality & Tourism
Minister's Office

ژمارە: ٥٦٦

ڕێکەوت: ٢٠٢٤/٦/٢

دەرچوو

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانییەکانی ( هەولێر- سلێمانی- دهۆك- گەرمیان- هەڵەبجە - سۆران- زاخۆ- ڕاپەڕین)**

**سەرۆکایەتی شارەوانی (هەولێر- سلێمانی- دهۆک- هەڵەبجە- کەلار- ڕانیە- زاخۆ- سۆران)**

**بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی ( هەولێر- دهۆك – سلێمانی- هەڵەبجە- گەرمیان- ڕاپەرین- زاخۆ)**

**بابەت / ڕوونکردنەوە دەربارەی دروستکردنی خانووی نیشتەجێبوون بەشێوەی دابەش دوو**

دوابەدوای ڕوونکردنەوەمان ژمارە(٣٢٢٥لە٢٠١٩/٤/١٦)، تایبەت بە جیاکردنەوە و دروستکردنی خانووی نیشتەجێبوون بەشێوەی دابەش دوو، ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو بە مەبەستی پابەندبوون و جێبەجێکردنییان:

**یەکەم/** مەبەست لە (دابەش دوو) دروستکردنی زیاتر لە یەک خانووە لەسەر یەک پارچە زەوی ئامادەکراو بۆ مەبەستی خانووی نیشتەجێبوون.

**دووەم /** مۆڵەتی بینا بۆ دروستکردنی خانوو بەپێی نەخشەی کەرتیی پەسندکراو دەدرێت، کە نەخشەکە لەسەر بنەمای ژمارەی زەوی و ژمارەی دانیشتوانی خەملێندراو، هەروەها ڕێژەی (خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی- خزمەتگوزاریی ژێرخان) لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان دەستنیشان کراوە.

**سێیەم/** ڕێگە نادرێت بە دووبارە جیاکردنەوە یان ڕێگەپێدان بۆ دابەشکردن بە دوو یان زیاتر بۆ ئەو پارچە زەوییانەی کە لە پاش گشتاندنمان لەسەرەوە ئەنجام دراون، جگە لەو حاڵەتانەی ڕوون کراوەتەوە لە خاڵی چوارەمی ئەم ڕوونکردنەوەیە یان ئەو زۆنانەی کە پێشتر بە بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانیی ڕێپێدراو بوون بۆ دابەشکردن.

٣- مەرج و ڕێنماییەکانی دروستکردنی خانووی دابەش دوو:

أ- شوێنەکە نەخشەی کەرتی پەسندکراوی هەبێت و پارچە زەوییەکان وێنەی تۆماری سەربەخۆی نوێیان هەبێت.

ب- ئەو زەوییەی کە دابەش دەکرێت، ڕووبەری لە (٢٠٠م٢) کەمتر نەبێت و لە وێنەی تۆماری زەوییەکە تۆمار کرابێت بەناوی دوو هاووڵاتی یان زیاتر پێش ئەم ڕوونکردنەوەیە و نابێت ڕووکاری (واجهە) هەر خانوویەک لە (٥) مەتر کەمتر بێت، ڕووبەری زەوی بۆ هەر خانوویەک دوای دابەشکردن لە(١٠٠م٢) کەمتر نەبێت.

ج- بە مەبەستی لەبەرچاوگرتنی لایەنی (ژینگەیی و تەندروستی ... هتد) نابێت ڕێژەی بینا لە (٧٠%)ی ڕووبەری زەوییەکە زیاتر بێت.

د- پێویستە خاوەن موڵک لە ناو سنووری پارچە زەوییەکەی خۆی، ڕووبەری تایبەت بە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل دەستەبەر بکات و ئەو ڕووبەرەی کە دەمێنێتەوە بکرێتە سەوزایی لایەنی کەم دوو درەختی تەمەن مام ناوەند (٢-٣) ساڵ بچێنرێت.

ر- شۆستەی دەرەوە بۆ قادرمە و رامپە بەکار نەهێنرێت.

ز- پانیی شەقامی پێش زەوییەکە گونجاو بێت، یان لە (١٠) مەتر کەمتر نەبێت.

س- هەر هاووڵاتییەک یەک جار سوودمەند دەبێت لە دابەشکردنی زەوییەکەی بۆ دوو بەش یان زیاتر بەشێوەی پشک و کردنی بە بینا.

ش- ئەو خاوەن پشکەی کە داوای ڕێگەپێدان دەکات پێویستە بەڵێننامەی لێ وەربگیرێت لەسەر پشکی خۆی کە خانووەکە بۆ نیشتەجێی خۆی یان کەسانی پلە یەک تا پلە سێی ئەندامانی خێزانەکەی بەکار دەهێنێت و بۆ ماوەی (٥ساڵ) کاری کڕین و فرۆشتنی لەسەر نەکرێت، بە ئاگادرکردنەوەی فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە.

**چوارەم/** بۆ ئەو ناوچانەی کە خاوەندارێتی زەوییەکانیان بەشێوەی پشکن لە وێنەی تۆماری هەمیشەیی یاخود خانووی دابەش دوو یان زیاتریان لەسەر دروست کراوە، بە مەبەستی ڕێکخستنی ژینگەی کۆمەڵایەتی و بیناسازی و ئابووریی نیشتەجێبووانی ناوچەکە، لەسەر بنەمای پێوەری پلانسازی و ئابووری و هونەری بۆ مەبەستی ڕێگەپێدان، ڕێگە دەدرێت بە دروستکرنی زیاتر لە خانوویەک بەشێوەی پشک بۆ هەردوو حاڵەتی ئاماژەپێکراو لەم خاڵەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لیژنەیەک پێك بهێنرێت بە سەرۆکایەتیی شارەوانی لە شارەوانییەکانی تایبەت و پلە نایاب، بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانییەکان لە شارەوانییەکانی تر و بە ئەندامیەتی نوێنەری دەسەڵاتی کارگێری و نەخشەدانانی ئاوەدانی پەیوەندار بە مەبەستی دیراسەتکردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی شار لە ڕووەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، خزمەتگوزاری و دیاریکردنی ئەو ناوچانەی کە هاووڵاتی کەمدەرامەت تێیدا دەژین و لەلایەنی ئابوورییەوە توانای دروستکردنی خانوویان بە ڕووبەری (٢٠٠م٢) یان زیاتر نییە. پێویستە لیژنەکە ڕاپۆرتێک ئامادەبکەن و دراسەتی لایەنی پلانسازی و هونەری و ڕەهەندە ئاماژەپێکراوەکان بکەن و بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی بۆ دەربچێت و بەمەبەستی دابەش دوو لەلایەن دەسەڵاتی کارگێری پەسند بکرێت و بەرز بکرێتەوە بۆ وەزارەت بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی. بەپێی هەڵسەنگاندنی لیژنەی ناوبراو، بڕیار لەسەر لە پێشینەی پێویستی ناوچەکان بدرێت.

٢/ ڕاپۆرتی ئاماژەپێکراو لە خاڵی چوارەم ئەم بابەتانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت بۆ ئەم مەبەستەش پشکنینی مەیدانی ئەنجام بدرێت بۆ دەستنیشان کردنی حاڵەتی پارچە زەوی و خانووەکان لە ناوچەکەدا:

أ- دیاریکردنی ئەو ناوچانەی کە ڕێگە بە دروستکردنی خانووی تێدا دەدرێت بەشێوەی پشک لەسەر نەخشە و لە باری ئێستا ڕێژەی(٦٠%) و بەسەرەوەی زەوییەکانی بەشێوەی دابەش دوو یان زیاتر بەشێوەی پشک کراون بە خانوو.

ب- ئەو ناوچانەی کە زەوییەکانی لە وێنەی تۆماری هەمیشەیی بەشێوەی پشکن، لە پێش دەرچوونی ئەم گشتاندنە.

ج- دەکرێت ڕای هاووڵاتیانی ناوچەکە وەربگیرێت سەبارەت بە بڕیار بۆ دابەشکردنی پارچە زەوییەکانی ناوچەکە و دروستکردنی خانوو بە دابەش دوو ئەگەر پێویست بوو.

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار
نووسینگەی وەزیر

حكومة اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلديات والسياحة
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government – Iraq
Ministry of Municipality & Tourism
Minister's Office

ژمارە: ٥٦٦
رێکەوت: ٢٠٢٤/٦/٢

- لە بارودۆخی نالەبار و زۆر پێویست و سەلمێنراو بە بەڵگە، دەکرێت پێش تەواوبوونی ماوەی دیاریکراو، پابەندییەکەی هەڵبگیرێت.

پێنجەم // هەر شارەوانییەک لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا، بەرپرسیارەتیی تەواو هەڵدەگرێت لە رێگریکردن لە دروستبوونی دیاردەی دابەش دوو بەدەر لە یاسا و رێنماییە بەرکارەکان .

شەشەم// کار بە هیچ رێنمایی و بریارێکی پێشتری پەیوەندیدار بەم بابەتە ناکرێت لە دوای دەرچوونی ئەم رووونکردنەوەیە.

هۆکاری دەرچوونی ئەم رووونکردنەوەیە:
بۆ پاراستنی فرەچەشنی کۆمەڵایەتی و رێگە گرتن لە دروستبوونی جیاوازی چینایەتی و رێکخستنەوەی ژینگەی ئاوەدانی شار و شارۆچکەکان لە چوارچێوەی پێوەرە پلانسازییەکان و بە رەچاوکردنی بارودۆخی ئابووری کۆمەڵایەتی دانیشتوان.

لەگەڵ رێزدا...

ساسان عەونی
وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار
٢٠٢٤/٦/

وێنەیەک بۆ :

- نووسینگەی وەزیر.
- راوێژکار (د.شەرمین ابراهیم علی)/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ رێزدا.
- بەرێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی / بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ رێزدا.
- بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ رێزدا.